# هەواڵ هەواڵ

### سەرمەد: ئافرەتێک دەخنکێ

رۆژی١١-٨-٢٠٠٧ ئافرەتێک بەناوی (خ.م.س) کەتەمەنی ٤٧ساڵە خەڵکی گوندی سەرمەد، بە هۆی کێشە لە گەڵ مێردەکەی تووشی نەخۆشی دەرونی هاتووەوخۆی فڕێ داوەتە نێو روباری دووکان و خنکاوە، بەگوێرەی قسەی نزیکانی قوربانیەکە تەرمەکەی لە رۆژی٢١-٨-٢٠٠٧ لەگوندی کانیری دەشتی کۆیە دۆزرایەوە.

### منداڵێکی فرێدراو دەدۆزرێتەوە

رۆژی ١٨-٨-٢٠٠٧ لەگەرەکی کێوەرەشی رانیە لە لایەن خێزانێکەوە کچێکی تازە لەدایک بوو دۆزرایەوەو گەیاندرایە نەخۆشخانە، دواتر ئەو خێزانە بڕیاریان دا کە بۆ خۆیان بەخێوی بکەن.

### چوارقورنە: دابەشکردنی زەوی کێشە دەنێتەوە

کەسێکی دانیشتوی شاری چوارقورنە پێیراگەیاندین کە سێ ساڵ لەمەو بەر لە لایەن شارەوانی چوارقورنەوە ٧٠٠ پارچە زەوی بەسەر فەرمانبەران دابەش کرابوو کەچی ئێستا خاوەن زەویەکان بە هۆی پەیدابوونی چەند جوتیارێکەوە دووچاری کێشە هاتوون، چونکە جووتیارەکان ئەو زەویانە بەهی خۆیان دەزانن و ناهێڵین بفرۆشرێن و بینایان لەسەر دروست بکرێ، ئێستا لە نێوان فەرمانبەران و شارەوانی چوار قورنە نارەزایی دروست بووە چونکە شارەوانی خۆی بە بەرپرس نازانێ و لێپرسینەوە لەگەڵ جوتیارەکان دا ناکات، تەنانەت ئامادە نیین ڕونکردنەوە سەربارەت بە خاوەنێتی زەویەکان بدەن و با بزاندرێ کە هی هی کامیانە، بۆیە فەرمانبەران لە وەرگرتنەوەی زەویەکانیان بێ هیوان.

### کەپکان: سێ کەس بریندار دەبن

کاتژمێر بیست وسێ و بیست خولەکی شەوی ١٧-٨-٢٠٠٧ بەهۆی وەرگەرانی سەیارەیەکی جۆری مونیکا لەسەر ریگەی کەپکان پیاوێک و ژنێک و منداڵێک بریندار دەبن. بەپێی زانیاریەکان هۆکاری وەرگەڕانی سەیارەکە بۆ خراپی رێگەکە دەگەڕێتەوە کە سێ ئەندامی خێزانێک تێیدا بریندار بوونە.

### وڵاتییێک گیان لەدەست دەدا

رۆژی ١٩-٨-٢٠٠٧ لە شارە دێی سکتان کەسەر بە قەزای کۆیەیە، بەهۆی لێدانی ئۆتۆمبیل، کورێکی تەمەن دوازدە ساڵ بەناوی ( ئە. م) گیانی لەدەست دەدات .

### دوو وڵاتیی دەسوتێن

رۆژی ٢٠-٨-٢٠٠٧ لەشاروچکەی قەڵادزێ وڵاتی ( خ.ع) ی تەمەن بیست و یەک ساڵ، بە هۆی ئاگری پەرەمێز دەسوتێ و گیانی لەدەست دەدات هەر بە کارەساتی سوتاندنەوە وڵاتی (ش.ح)ی تەمەن بیست و چوار ساڵ، کە خەڵکی گوندی کەسنەزانی سەربەناحیەی چوارقورنەیە گیان لەدەست دەدات کە هۆکارەکەشی بۆ بەکار هێنانی غاز دەگەڕێتەوە .

### سیدەکان: مین گەنجێک دەکوژێ

رۆژی ٢١-٨-٢٠٠٧ گەنجێک بەناوی ( ح، ب) ی تەمەن بیست و پێنج ساڵ، کە خەڵکی سیدەکانە، دەچێتە شاخەکانی سیدەکان و لەوێ مینێکی پێدا دەتەقێتەوەودەست بە جێ گیانی لەدەست دەدات .

بەپێی زانیاریەکان مینەکە لەجۆری (والما)بووە کە مینێکی قەدەغە کراوی نێودەوڵەتیە و ساچمەی زۆری تێدایە ، ئەمەش وایکردووە کە قوربانیەکە هەم گیانی لەدەست بدات هەمیش جەستەی بشێوێ.

### رانیە :ناوەندی هونەری یەڵمازگۆنای دەکرێتەوە

ناوەندی فیلمسازی( یەڵمازگۆنای ) بەمەبەستی کارکردن لەبواری فیلمسازی وکاری درامادا لەسەر دەستی چەند هونەرمەندێک بۆ یەکەمین جاربۆکاری (سینەما و دراما) لە شاری رانیە کرایەوە. ئەم ناوەندە هونەریە لە لایەن هونەرمەندان رەحیم زەبیحی کە خەڵکی شاری بانەیە و جەماڵ کەریم پور و کەماڵ ئالانی وەک دەستەی ئامادەکاربەرێوە دەچێ.

### رانیە :بەهۆی شۆرتی کارەباوە ئاگرێک دەکەوێتەوە

رۆژی ٢٠-٨-٢٠٠٧ مزگەوتی شێخان لە شارەدێی بالیسان بەهۆی شۆرتی کارەباوە ئاگری تێ بەر دەبێ و سەرجەم کەل و پەلەکانی مزگەوتەکە دەسوتێ. تەنانەت بەهۆی نەبوونی تیمی ئاگر کوژێنەوە زەرەرێکی زۆر بەر مزگەوتەکە کەوتووە، هەر هەمان شەو لە کەرتی دووی شارەدێی حاجی ئاوای سەر بە شاری رانیە ماڵی وڵاتی (حەمە عەلی ) وەرتێی بەهۆی شۆرتی کارەبا ئاگری تێ بەر دەبێ کە جگە لە کەل و پەلی ناو ماڵەکەیان بڕی (حەوت) ملیۆن دیناری کە لە ناو کانتۆرێک دابووە سووتاوە.

## رانیە: ماڵێک دەبڕدرێ

رۆژی ٢٢-٨-٢٠٠٧ چەند دزێک دەچنە سەر ماڵێ وڵاتی مەلا( رەسول خۆشناو) لە شارەدێی بادیسانی دەڤەری خۆشناوەتێ و بڕی سێزدە مسقاڵ زێڕ و هەشت ملوێن و نیو پارە دەدزن . جێگەی ئاماژەیە کە ناوبراو پێش نوێژی مزگەوتی( بەگ زادان) ە لە بادیسان و لەوکاتە دا خێزانەکەی لە سەفەر دەبێ، تا ئێستا لێکۆڵینەوە بەردەوامە بۆ دەستگیر کردنی دزەکان، هەر بە مەبەستی دزی کردن لە شەوی٢١-٨-٢٠٠٧ لە کەرتی دووی شارەدێی سەروچاوەی سەر بە رانیە دز دەچنە سەر ماڵی وڵاتی ( هاشم تەها و تەواوی کەل وپەلی ناو ماڵەکەی دەپشکنن و بڕێ (حەوت سەد) دۆلار دەدزن کە لەنێو گیرفانی شەلوارەکەی دا دەبێت لە گەڵ موبایلەکەی، هەروەها سەرچاوەی هەواڵەکە ڕاشی گەیاند کە ناوبراو گومانی هەیە لە کەسێک کە زۆر هاتو چۆی ماڵیان دەکات. تا ئێستا هیچ کەس بەگومانی ئەو دزی کردنانە نەگیراوە.

## حاجی ئاوا: گەنجێکی کۆچەر لە مردن رزگاری دەبێ

لە رۆژی ١٣-٨-٢٠٠٧ کە لە دەریای( ئێجە) لەنێوان تورکیاو یونان تاپۆرێکی کۆچەر دەکەونە ناو ئاوەکەو زۆربەیان دەخنکێن، گەنجێکی خەڵکی حاجی ئاوا بەناوی ( زانا) کەتەمەنی بیست وچوار ساڵ دەبێت لە نێو ئەو تاپۆرەدا دەبێ و گیانی خۆی لە مردن رزگار دەکات ، لە گێڕانەوەی بەسەر هاتەکەی ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە لەگەڵی( محەمەد ئیبراهیم) بووە کە تا ئێستا سۆراخی نەبووە و پێ دەچێت کە ئەو خنکا بێت، لەگەڵ ژنێکی ئێزیدی کە خەڵکی دهۆکە، لە گەڵ چەندین کەسی تر کە بەنیازی دەرباز بوون بۆ ئورووپا کۆچیان کردوبو.

## ئاگر لە بازارێکی سلێمانی دەکەوێتەوە

رۆژی ١٩-٨-٢٠٠٧ لەبازاری سەوزە فرۆشەکانی ناوشاری سلێمانی ، بەهۆی فرێ دانی جگەرە لە سەر بانی بازارەکەوە لە لایەن دوکاندەرەکانی قاتی سەرەوە، ئاگر بەر بووە سەر بانی بازارەکە دواتر بە هۆی خێرا گەیشتنی تیمی ئاگر کوژێنەوەی چوارباخ ئاگرەکە کۆنترۆڵ کراو زەری مادی بەدواوە نەبوو.

## چوارقورنە: منداڵێک دەکوژرێ

رۆژی٢٠-٨-٢٠٠٧ لە چوار قورنە منداڵێکی تەمەن شەش ساڵ بە ناوی( شوان ئیبراهیم) دەچێتە ژێر تایەی لۆریەکەی باوکی لە وێ دەخەوێت، بە هۆی ئاگەدار نەبوونی باوکی لە منداڵەکەی، دوای رۆشن کردنی ئۆتۆمبیلەکەی و لێخورینی ، منداڵەکەی دەکاتە ژێرەوە و لە ئاکامدا دەی کوژێ.

## خانەقین: بەتۆمەتی کوشتن حەوت کەس دەستگیر دەکرێن

بە تۆمەتی کوشتنی منداڵێکی تەمەن یازدە ساڵ بەناوی (دارا نیعمەت ) کە دانیشتوی شاری خانەقینە، حەوت کەس دەستگیر دەکرێن.لەم بارەوە سەرچاوەیێکی ئاگەدار لە خانەقین پی راگەیاندین : دەستگیر کردنی ئەو حەوت کەسە بە هۆی سکاڵای خانەوادەی داراوە بووە لە سەریان، هەروەها راشی گەیاند: دەستگیرکراوەکان هێندێکیان دراوسێ ماڵی دارابوون و یەکێکی تریان باوە پیارەی دارابووە کە بەشێوەیێکی نامرۆڤانە ئەو کورەیان کوشتووە و تەرمەکەیان لە ماڵێکی چۆڵ فرێ داوە.

## دهۆک: بە هۆی مارێکەوە سێ کەس گیان لە دەست دەدەن.

رۆژی ٢٤-٨-٢٠٠٧ لە شاری دهۆک دوومنداڵی ما ڵی حاجی (ع) بەهۆی پێوەدانی مارگیانیان لەدەست دا، بەگوێرەی زانیاری دوای گەرانەوەی ئەو خێزانە لە سەیرانی ئیبراهیم خەلیل، مارێک لەنێو پیکابێکدا بە دوومنداڵی ئەو خێزانەوە دەدات کە لەدوای پیکابەکەوە سوار ببون، یەکێک لە منداڵەکان دەست بە جێ گیانی لەدەست دەدات و منداڵەکەی دیکەش، پاش گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەست دەدات و باوکیشیان کاتێ ئەو رووداوە دڵتەزێنە دەبینێ تووشی جەڵدە دەبێ و تا ئێستا لە نەخۆشخانەدایەو لەژێر چاودێری پزشکی دایە.

## شارەزوور: لاوێک دەخنکێ

رۆژی ٢٢-٨-٢٠٠٧ لە کاتی مەلەکردندا لاوێک بەناوی( م. ع) لە روباری سیروان دا دەخنکێ، دوای دوو کاتژمێر لە لایەن چەند کەسێکەوە تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە و پۆلیسی دەربەندیخانی لێ ئاگادار دەکەنەوە، ئێستا هەوڵەکان بەردەوامە بۆ پەیدا کردنی کەسوکاری قوربانیەکە.

## شارەبان: ماتۆر سوارێک بریندار دەبێ

رۆژی ٢١-٨-٢٠٠٧ کاتێک ماتۆرسوارێک بەرەو شاروچکەی شارەبان دەڕوات، چونکە شارەزایی ریگەوبانەکە نەبووە و ترسی تیرۆریستانی هەبووە زۆر بە خێرایی لێی خوڕیوە، بەو هۆیەوە دە نێو چاڵێکدا دەکەوێ و دەستێکی دەشکێ، دوای دوو کاتژمێر ئەوسا دەتوانێ سواری ماتۆرەکەی بێتەوە .

## شارەبان: خۆپیێشاندانی وڵاتیان

رۆژانی ٢١/٢٢-٨-٢٠٠٧ لەبەرانبەر خراپی رەوشی ئاسایش دانیشتوانی شاروچکەی شارەبان و خالس خۆپیشاندانێکیان سازکرد ،دواتر بۆ ماوەی دوو رۆژ رێگەی سەرەکی نێوان دیالە - شارەبان گیرا، بەوهۆیەوە بەرپرسی ئیدارەی شاروچکەی شارەبان، پارێزگای دیالەی ئاگادار کردۆتەوەوداوای کردووە تا بۆ هێوەر کردنەوەی وڵاتیان هاریکاری بکات و هەوڵی کردنەوەی رێگەی سەرەکی بدات، کەچی پارێزگای دیالە تەنیا بە بەڵێندان بۆ نەهێشتنی تیرۆر و تیرۆریستان لەو ناوچەیە وڵاتیانی هێوەر کردۆتەوە. ئێستا رێگەی ناوبراویش کرایەوە .

## خانەقین:هەشت شۆفێر بێ سەرو شوێن دەبن

سەرلەبەیانی رۆژی ٢٢-٨-٢٠٠٧ لەسەر رێگەی سەرەکی مەندەلی _ ئیمام وەیس لەلایەن تیرۆرستانەوە هەشت ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر کە شتوومەکی خۆراکیان پێ بووە دەسوتێنرێن، سەرچاوەیەک لەپۆلیسی خانەقین پێی راگەیاندین کە ئەو هەشت ئۆتۆمبیلە لەپەروێزخانەوە بۆ بەغداد کەلوپولی خۆراکیان دەگواستەوە کەچی وەبەر هێرش دەکەون و دەسووتێندرێن ، جێگەی ئاماژەیە کە زۆربەی شۆفێرەکان کوردن و دوانیشیان عەرەبی سوننەن، تاگەیشتنی ئەم هەواڵە هەر هەشت شۆفێرەکە بێ سەروشوێنن و چارەنووسیان نادیارە.

## قەلادزێ: دوو گەنج دەخنکێن

ئێوارەی رۆژی ٢٣-٨-٢٠٠٧ لەزێی پشدەری قەڵادزێ دوو کەس بەناوەکانی (شوان کەریم) و (عادڵ محەمەد ئەمین) خنکاون، بەوتەی سەرچاوەی هەواڵەکە، (عادڵ) کەخەڵکی کۆیە دەبێت و مەلەوان بووە، ویستوویەتی کە( شوان) لە خنکاندن رزگار بکات بە لام خۆشی دەخنکێت، تەرمەکانیان هەمان رۆژ دەدۆزرێتەوەودەریان دەهێنن.

## گەنجێک دەکوژرێ

پاش نیوەرۆی رۆژی پێنج شەممە ریکەوتی ٢٣-٨-٢٠٠٧ لەبەردەم دوکانێکی ناحییەی شۆرش چەند گەنجێک دانیشتبوون، دووکەس بەسواری ماتۆرەوە بەویدا تێدەپەرن و بەچەک دەستریژیان لێ دەکەن و لەئەنجامدا گەنجێک بە ناوی (سوارە) جاف کە لەسلێمانییەوە بەسەردان هاتبوو بۆ ماڵی مامی دەکوژرێ و کەسێکی دیکەش بریندار دەبێ، جێگای ئاماژەیە بکوژەکان هەڵاتوون و تائێستا دەستگیر نەکراون.

## ئۆتۆمبیل منداڵێک دەشێلێ

رۆژی ٢١-٨-٢٠٠٧ لەگەرەکەی شۆرشی شاری کەلار بەهۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبیل منداڵێکی تەمەن شەش ساڵ بەناوی (ئارام حسێن) گیان لەدەستدەدات، دواتر لەلایەن پۆلیسی شاری کەلار شۆفێری ئۆتۆمبیلەکە دەستگیر دەکرێ سەبارەت بەم کارەساتە و لیکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێ.

# هەواڵی سەیر

*رۆژی ٢١-٨-٢٠٠٧ کۆمەڵێ خەڵکی ناحیەی شۆرش، تووشی نەخۆشی سک چوون،رشانەوە،تێک هەڵچوونی گەدەبوون، بە پەلە گەیێندرابوونە نەخۆشخانەی گشتی، دوای پشکنین دەرکەوتوە کە لەرێگەی خواردنی رۆنێکی خراپەوە توشی ئەو نەخۆشیانە هاتوون،بۆیەپشکنینیان لەسەر ئەو رۆنە کردوە کە لە بریکارەکانی خۆراک وەرگیراون، دەرکەوتووە کە لە ناو ئەو بتڵە زەیتانە هەندێ ماددەی خراپ هەیە و بەسەرنج تێی کراوە.شایانی باسە دوومانگ بەر لەئێستا لەناحیەی لەیلان هەمان کار روویدا، بەڵام تائێستا هیچ پشکنین و کۆنترۆڵ کردنێکی چۆنایەتی لەسەر خۆراکی هاوڵاتیان نیە بۆیە ئەم حاڵەتانە دروست دەبن.

*شەوی ١٩/٢٠- ٨-٢٠٠٨ لەگەرەکی سەرشەقامی شاری چەمچەماڵ، مانگای ماڵی حاجی (ن) دە دزرێ، دوای گەرانێکی زۆر نایدۆزنەوە بەڵام دەیبیستن کە کەسیک بەناوی (ب،م) لەسەر دزینی مانگا گیراوەو لە پۆلیس خانە زیندانیە، کاتێ ئەم دەچێ بۆ بینینی و لێی دەپرسێ کە تۆ مانگاکەی منت دزیوە، ئەویش پرسیاری رەنگ و جۆری مانگاکەی لێ دەکات، دوای ئەوەیئەم پێ دەڵێ، دزەکە دەڵێ بەداخەوە لە لیستی ئێمەدانیە ئەو مانگایەی تیانیە بگەرێ دەوروبەری خۆتان بزانە کەسێکی دیکە بدۆزەرەوە پێی بزانی.

*زیاترلەمانگێک دەبێط لاوێکی چیمچەماڵی لەئاوی زێی گۆپتەپە خنکاوەو تائێستا تەرمەکەیان نەدۆزیتەوە سەرەرای هێنانی مەلەوانی زۆر و لێزان و زیرەک، لە هەفتەی رابردودا، مەلەوانێک لە شوێنێکی زێیەکە بۆی دەگەرێ، بەڵام تەرمێکی دیکە دەدۆزێتەوە کە دوو بلۆکی پێوە بەسترابوو، شایانی باسە ئەو شوێنە زۆر شوێنێکی ترسناکە بۆ مەلەوانەکان کە دەکەوێتە نزیک قەزای دوبزەوە و گومان دەکرێ کە تیرۆریستەکانی ئەو ناوچەیە کاری لەو شێوەیە ئەنجام دابێ.

* رۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٧/٨/٢٣ سێ وڵاتی بە شۆفڵێک و گەڵابەیەکەوە بەشێوەیەکی ئاشکراو بەڕاوێژکاری لەگەڵ خاوەن زەویەک دەچن خۆڵ باردەکەن بۆ کۆمپانیایەکی تورکی کە لە چەمچەماڵ کاردەکەن، کەسێک کە ناوی (ج) لە کێڵگەیەکی مریشک کاردەکاو هیچ پەیوەندیەکی بەزەوی و کێڵگەکەشەوە نییە لە ڕووی مڵکداریێتیەوە کە چی لەگەڵیان بەشەڕ هاتووەو دوو کەسی دیکەی لەگەڵ خۆی هێناوەو تەقەی لە شۆفێری گەڵابەکە کردووەو قاچێکی شکاندووە، دوو کوڕەکەی دیکەش کە باوکیان برادەری ئەو (ج) ە ، پێشتر ئاگاداریان کردۆتەوە کە ئەمان کوڕی فڵانن کەچی هیچ سودێکی نەبووە. دواتر پیاوەکە هەڵاتووەو، ئێستا خەریکی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکە بۆ سوڵح.

* وڵاتی (م-ن-ا) کە دانیشتووی ناحیەی قەرەحەسەنە خاوەنی دوو ژن بووەو کۆمەڵێ منداڵی هەیە لێیان. ماوەیەک پێش ئێستا یەکێک لە ژنەکانی تەڵاق داوە، لەهەفتەی ڕابردووشدا دەچێتەسەر ماڵێکی ناسیاوی، بەنیازی داوێن پیسی بەڵام هیچی پێ ناکرێ بۆیە بە مۆبایل کچەکە ئاگاداردەکاتەوەو هەڵی دەگرێ، کاتێ کە مەسەلەکە ئاشکرا دەبێت خۆیان دەشارنەوە، دوای ئەوە تەلەفۆن بۆ بەرپرسێکی هاوڕێی دەکا، دەڵێ ماڵی سێکسم بەقورگرت کارێکی وام کردووە هەوڵدە چارەسەری بکەو گوێ بەپارە مەدە.